# كۆدگۆڕین و كۆد تێكەڵكردن لە ئاخاوتندا

م.ی. سیروان سمین أحمد

زانكۆی كەركوك

كۆلێژی پەروەردە بۆ زانستەمرۆڤایەتییەكان/بەشی كوردی

Serwansamen4@gmail.com

## پێشەكی

زانستی زمانی كۆمەلأیەتی یەكێكە لە بابەتە گرنگ و سەرەكیەكانی زانستی زمانی كارەكی ( practical Linguistics) لە ناو زانستی زمانی گشتیدا ئەم بابەتە بە شێوەیەكی ورد و زانستی گرنگی دەدات بە چۆنیەتی پراكتیزەكردن و پەیوەستكردنی بەكارهێنانە زمانییەكان لە ناو كۆمەل و دەوروبەردا ، هەوڵ دەدات مرۆڤ و قسە پێكەرانی كۆمەلگا فێری چۆنیەتی بەكارهێنانی زمان بكات لە بارودۆخە كۆمەلأیەتییە جیاوازەكان لەلایەكی تریشەوە هەوڵدەدات مرۆڤەكان بپارێزێت لەو بارودۆخە ئالۆز و لێلانەی ، كە زمان و چۆنیەتی بەكارهێنانی زمان بۆ بەكاربەرانی دەیخولقێنێت.

ناونیشانی لێكۆلینەوەكە : ناو نیشانی لیكۆلینەوەكە (كۆدگۆرین و كۆدتێكەڵكردن لە ئاخاوتن دا)یە لە چوارچێوەی زانستی زمانی كۆمەلایەتی دا لایەنی كۆدگۆرین و كۆد تێكەڵكردن لە رووی فۆرم و واتاوە بەپێی پێوەرە مۆرفۆلۆژییەكان خراوەتە روو

سنوری لێكۆلینەوەكە :

سنوری لیكۆلینەوەكە لە چوارچێوەی زاری كرمانجیی ناوەراستداله هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاكسدایە

رێبازی لێكۆلینەوەكە :

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوەی پەسنکەرانە گیراوەتە بەر لە هەندێك باردا بەپێی پێویستی بۆ ڕوونکردنەوەی کەرەستەکان ڕێبازی بەراودکاریش بەکارهێنراوە لە زمانی کۆمەلایەتی دا

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە لە بەشی یەکەم دا باس لە زانستی زمانی کۆمەلایەتی و زمان و کۆمەڵ و کۆد و جۆر و بنەماکانی کۆد و بە کۆدکردن کراوە .

لە بەشی دووەم دا باس لە کۆد گۆڕین وکۆد تێکەڵکردن کراوە ، بەجۆرێك کۆد گۆڕین لە ئاستی وشەسازی ورستە سازی و کۆدتێکەلکردن لە ئاستی وشەسازی کراوە .

## بەشی یەکەم

## زانستی زمانی کۆمەڵایەتی sociolinguistics

زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و یەکێك لە پێکهێنەرەکانی ڕۆشنبیری هەر لە سەرەتاوە گرنگی زۆری پێدراوە و سەربەخۆ بووە تا ئەو کاتەی وەك زانستێکی سەربەخۆ لە ناو زانستی زمانی گشتیدا هاتە کایەوە بەزاراوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی / کۆزمانەوانی / علم اللغە الاجتماعی ناسرا ١، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بابەتە گرنگ و سەرەکیەکانی زانستی زمانی کارەکی ( practical Linguistics) لە ناو زانستی زمانی گشتیدا ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ورد و زانستی گرنگی دەدات بە چۆنیەتی پراکتیزەکردن و پەیوەستکردنی بەکارهێنانە زمانییەکان لە ناو کۆمەڵو دەوروبەردا، هەوڵدەدات مرۆڤ و قسە پێکەرانی کۆمەڵگا فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بکات لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لەلایەکی تریشەوە هەوڵدەدات مرۆڤەکان بپارێزێت لەو بارودۆخە ئاڵۆز و لێلانەی ، کە زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بۆ بەکاربەرانی دەیخولقێنێت ، ئەم زانستە لە کارلێکی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە دەیەوێت گۆڕانە زمانییەکان بە پێی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکات . سەرهەڵدانیشی هەرِەمەکی نەبووە ، بەڵکو چەندین زانا و زمانەوان کاریان بۆ دانانی بنەما و گەشەسەندنیان کردوە ( سۆسێر - مایا - هالیدای - هاریس - مالینۆڤسکی - جاکۆبسن - فیلموەر ...... هتد) کە ڕەفتارە زمانییەکان دیاریدەکەن .


**زمان و كۆمەڵ**

مرۆڤ بە شێوەیەكی سروشتی بونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە بەكۆمەڵ دەژین بۆ پەیوەندیكردن و گۆڕینەوەی بیر و هەستەكانیان پێویستیان بە كەناڵێك دەبێت تا لە رێگایەوە بیر و هەستەكانیان بگوازنەوە ئەو رێگایەش زمانە ، زمان رۆڵی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ دەبینێت و(( بێ بوونی زمان كۆمەڵی مرۆڤایەتی نایەتە كایەوە چونكە بەبێ كارهێنانی زمان هاریكاری و هەرەوەزی كە بەردی بناغەی كۆمەڵە پێك نایەت)٢ زمانیش بەكاریگەری هۆكارەكانی گەشەكردنی كۆمەڵ و شارستانییەت و رادەی پێشكەوتوویی یان دواكەوتوویی و فراوانییەكەی لە كارلێكردنیەوە لەگەڵ كۆمەڵ زیندویەتی خۆی دەپارێزێت و وشەكانیشی گەشەدەكەن و نوێدەبنەوە خۆیان دەنوێنن و دەربڕاوەكانیشی رەنگدانەوەی كۆمەڵن ، دیسان بەبێ بوونی زمان شارستانیەت بەردەوام نابێت چونكە زمان تاكە رێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی زانیاری لە نەتەوەیەكەوە بۆ نەتەوەیەكی تر، ئەركییەكان پێیان وایە ((رەگی زمان بۆ بینایی كۆمەڵایەتی بە هەموو شێوەكانییەوە و زمان و كەلتور و داب ونەریت دانابڕدرێت دیاردە كۆمەڵایەتییەكانیش یەكێكیان زمانە لە هەر كۆمەڵگایەكدا بن دەكەونە ژێر كۆمەڵگاوە ئەمەش بە روون وئاشكرا لە شێوازی ئاخاوتن بەدی دەكرێت هەر بەم بنەما كۆمەڵایەتییە دەكرێت زمانی بازار و زمانی قوتابخانە ............هتد)٣ جیابكرێتەوە ، كەواتە ناكرێت زمان لە كۆمەڵ و دیاردە كۆمەڵایەتییەكان جیابكرێتەوە چونكە پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوان زمان و كۆمەڵ دا هەیە بە جۆرێك ئەركی بە هێزكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دەبینێت ((كاتێك لە وڵاتێكی تردا لە نزیك كەسێكەوە دانیشتویت بە زمانەكەی تۆ دەدوێت یەكسەر هەست بەوە دەكەیت زۆر لێت نزیكە ئەوەیش لە رێی هەستی زمانەوە دەبێت ، ئەوانی تر كە بە زمانی بیانی قسە دەكەن ئەو هەستە نایەتە دی تەنانەت لە وڵاتەكەی خۆتیشدا یەكێك بە شێوەزارەكەی تۆ بدوێت هەمان ئەو هەستەت بۆ دروست دەبێت و سەرنجت بۆ لای خۆی رادەكێشێت لەو رووەوە مالینۆڤسكی وتوویەتی بە پشتگوێخستنی پێشینەو و كەلتور و رەنگدانەوەیان لە زماندا ناكرێت لە زمان بكۆڵینەوە)٤ لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە هەر لێكوڵینەوەیەك لە كۆمەڵ و كۆمەڵگا بكرێت بەبێ لێكۆڵینەوە لە زمانەكەیان بێ ئەنجام دەبێت ، زمان كاریگەری لەسەر بیركردنەوە و كەلتور و عەقڵیەتی نەتەوەش هەیە لەم روانگەیەوە ئادەم سمس و دۆگلاس ستیوارت پێیان وایە زمان لە رێكەوتی كۆمەڵایەتییەوە لە ناو خۆیاندا بۆ ناونانی شتەكان دروست بووە.

**كۆد چییە؟**

**کاتێك لێكدانەوە و شیكردنەوە بۆ زمان دەكەین زۆر ڕێگا بۆ لایەنە جیاواز و ئاڵۆزەكانی زمان دەكەین یەكێك لەو لایەنانە بیری كۆدە، كە بۆلێكدانەوەی كۆ زانیاری تاك و كۆمەڵگا بە كارهێنراوە كۆدەكان بۆ ئەوە دروستدەكرێت تابیرەكان بگۆڕن بۆ وێنە، پەیوەندییەك لە نێوان هێماو هێما بۆكراو دروستبكەین ((كۆد بریتیە لە ژمارەیەك كەرەستە ، كە دەتوانرێت لەیەكبدرێن بۆ دروستكردنی كەرەستەی نوێو ئاڵۆزتر ئەوانیش دەنگ و فۆڕمەكانن كە دەتوانرێت لەیەكبدرێن لە تەكیەكدا ریزبكرێن بۆ ئەوەی وشە و ڕستە و فرێزیان لێبەرهەم بهێنرێت )٥هێمای زمانی بریتیە لە ڕۆنانێك كە دوو دیو یان دوو ڕوویی هەیە دیوێكی پێكهاتووە لە ریزێك دەنگ بەر گوێ دەكەوێت و دەبیسترێت دیوەكەی تریش بریتیە لە بیرێك كە بەرامبەر ریزە دەنگەكە دێت لە مێشكی مرۆڤ هەڵگیراوە ٦، هەروەها سۆسێر ((پەیوەندی نێوان ئەو بیر و فۆڕمە بە هێما و هێما بۆكراو ڕێكخستوە كە وەك دوو دیوی دراوێكن بەو پێیەیی هێما وەرگێرانی دەنگی بیرەكەیە بیرەكەش هێما بۆكراوە))٧ بەڵام ئەم بۆچوونە توشی رەخنەی زۆر بووە وە چونكە دەوروبەر كۆمەڵی فەرامۆشكردووە لەگەشەو گۆڕانی مێژوو دای بڕیوە .**

**(ستیپانەڤ ) بەم جۆرە دەستكاری ئەم بیرەی كردووە، كردویەتی بە سێ لایەن سێگۆشەی هێمالۆژی ٨**




**بەكۆد كردن و كۆد لێكدانەوە**

یەكێك لە گەورترین داهێنانەكانی مرۆڤ بەكۆد كردنی كەرەستەكانی دەورو بەریەتی ، پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە كرا كە كۆدەكان بۆ ئەوە دروستدەكەین تا بیرەكان بگۆڕن بۆ وێنە پەیوەندییەك لە نێوان هێماو وهێما بۆكراو دروستدەكەن لە پرۆسەی پەیوەندی كردندا لە نێوان گوێگر(وەرگر) و قسەكەردا (نێرەر) دا بە پێی توانای زمانیان لە دەوروبەرێكی زمانیی یان هێماییدا كە رێكەوتنی كۆمەلآیەتی لە سەر كراوە هەردوو لا بەپێی ئاستیان لە دەوروبەرێكی گونجاودا ئەنجام دەدرێت ٩

بەكۆدكردن بەچەند هەنگاوێك ئەنجام دەدرێت

١. بەكۆدكردنی فەرهەنگی : بەپێی دەوروبەری زمانی نێرەر فۆنێم ـ مۆرفێم ـ وشە ـ رستەكان لە چوارچێوەیەك رێكدەخات كە گونجاوبن بۆ دەربڕین
٢. بەكۆدكردنی فۆنۆلۆژی : كۆدەكانی فەرهەنگی لە رێگەیی پێڕەوی دەنگەكانی زمانییەوە و تایبەتمەندییەكانی دەنگە زمانییەكەوە كۆنكرێت دەكرێت لە رێگە نێرەرەوە دەنگ و نوسین و ئاماژە جەستییەكان بۆ دەربڕینی ئامانج و مەبەستەكانی بەكاردەهێنرێت .
٣. بەكۆدكردنی واتایی : گۆڕینی بیری نێرەر بۆ ناوەڕۆكی كۆدە زمانییەكان لەم بە كۆدكردنەدا ژمارەیەك یەكەی ناوەڕۆكی تری زمانی لەگەڵ بیرەكان پەیكاڵ دەبن و گۆڕینی بیرە بۆ قسە و دەربڕینیواتادار بەگوێرەی نیشانە واتاییەكان بە شێوەیەك لەگەڵ دەوبەر و نێرەر بگونجێت

كۆد لێكدانەوەش بەهەمان شێوە تەواوكەری بەكۆدكردنە بەلآم بە پێچەوانەوە كاتێك (وەرگر) لە رێگای (نێرەر)وە پەیامێكی پێدەگات ئەوا ئەو پەیامە لێكدەداتەوە هەڵیان دەوەشێنێتەوە بۆ یەكە بنەڕەتییەكان واتە ئەو دەربڕاوەی نێرەر ناردویەتی گەڕاندنەوەی هێماكە بۆ بیرە بنەڕەتییەكان واتە لێكدانەوەی فۆڕم و كۆدەكەیە بە جیا كۆد لێكدانەوەش كاتێك سەركەوتوو دەبێت كە واتایی كۆدەكان (نێرەر) و (وەرگر) هاوبەشبن لە كەناڵی كۆمەلآیەتی و دەروونی واتە باری كۆمەلآیەتی و دەرونی و دەوروبەر رۆڵێكی گرنگ دەبینێت لە گەیاندنی بیرەكان لای نێرەرەوە بۆ وەرگر ١٠

لە بەرامبەریشدا هال Hall پێی وایە دەكرێت بە كۆدكردن و كۆدلێكدانەوە هاوتا نەبن یان وەك یەكتر نەبن ئەوەش كاتێك لایەنی پەیوەندییەكە هاوڕا نەبن یان پێگەی كۆمەلآیەتییان جیاواز بێت بۆ لێكدانەوەی كۆدەكە لەواتای كۆدەكە جیاواز بێت ئەم دیاردەیە

رۆژانە لە ناو کۆمەڵگا و کۆڕ و دیبەیتەکان بەرچاو دەکەوێت خێرا کەسی قسەر دەڵێت پەیامەکەی من بەو جۆرە نییە کە ئێوە لێکدانەوەی بۆ دەکەن .

## بە شی دووەم

## کۆد گۆڕینەوە و کۆد تێکەڵکردن

کۆد گۆڕین لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بەگەلێك هۆکار دێتەکایەوە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی ئەندامانی چینە کۆمەلایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا و بوونی دوو دیوی یان دوو زمانی لە کۆمەڵگایەك کاتێك نێرەر دووچاری گرفتی بیرەکانی ببێت بەو زمانەی قسەی پێدەکات ناچار پەنا دەباتە بەر زمانێکی تر بۆ گەیاندنی بیرەکانی بە بەرامبەری (دوو دیویی زمانیی و جووت زمانیی دوو دیاردەی جێگیری کۆمەڵن هەندێك جار پێکەوە هەندێك جار بەجیا هەن هەر کاتێك ئاخێوەر بە شێوەی دوو دیویی لە زمانەکەی روانی ئەوا سێ شێوە لە بەکارهێنانی زمانەکەی دەردەکەوێت .

١. لەبارودۆخی جیاواز دا زمانی جیاواز بەکار دەهێنن وەك بەکارهێنانی زمانێك لە قوتابخانە و بەکارهێنانی زمانێکی تر لە ماڵەوە ئەوەش پێی دەوترێت دوو دیویی زمانیی(Diglossia) ئەم دیاردەیە تەنانەت لە نێوان زارەکانی زمانێکیش بەدی دەکرێت لە دام و دەزگا فەرمییەکانی حکومەت زارێك بەکاردێت لە ماڵەوەش بە زارێکی تر قسە دەکەن .
٢. کۆدی دوو زمانەکە سەر بەخۆیانە و بە نۆرە لە گفتوگۆدا بەکاریان دەهێنن کە پێی دەوترێت کۆدگۆڕینەوە (Code switching ) .
٣. دوو زمانەکە تێکەڵ بکەین بە کۆدی تێکەڵکراو قسە بکرێت پێی دەوترێت کۆدتێکەڵکردن ( Code mixing) ١١

کۆد گۆڕینەوە چەمکێکی زانستی هێمالۆژیی و زانستی زمانە ، زۆرینەی زمانەوانان لەسەر ئەوە هاوڕان بۆ ئەوە بەکاردێت کە کەسێکی جووت زمان لە کاتی قسەکردن و گفتوگۆکرندا لەهەمان بارودۆخ هەردوو زمانەکە بەیەکەوە بەکاردێنێت کۆدگۆڕینەوە لە نێوان ڕستەکان یان لە نێوان ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر روودەدات ، (کاتێك ئاخێوەر وشە و کەرەستە فەرهەنگییەکانی هەر دوو زمانەکە فێربوو بێت)١٢

دەكرێت هۆكار و پاڵنەرەكانی كۆدگۆڕینەوە لە چەند خاڵێكدا بخەینەڕوو :

١. كەسانی جووت زمان كاتێك رووبەڕووی گرفتی گەیاندن دەبن بە زمانێك ناچار پەنا دەبنە بەر زمانەكەی تر .
٢. بەهۆی دەسەڵاتی رامیارییەوە كاتێك زمانێك دەكرێتە فەرمی لە وڵاتێكدا كە زیاتر لە زمانێك هەبێت ئەوا لە شوێنە فەرمی و دام ودەزگاكاندا ئەو زمانە بەكاردێت كە دەسەڵات بە فەرمی كردووە وەك قوتابخانە و زانكۆ و ....هتد كۆدگۆڕین مەرج نییە تەنها لە نێوان دوو زماندا بكرێت بەڵكو لە نیوان زارەكانی یەك زمانیش روودەدات .
٣. بۆ مەبەستی شاردنەوە لە دەوروبەری زمانیدا تێنەگەیاندنی بەرمبەر كۆدگۆڕین روودەدات كاتێك ئەندامانی خێزان بەتایبەتی دایك و باوك بەو زمانە دەدوێن ، كە منداڵەكانیان تێنەگەن .
٤. لە كاتی گفتوگۆكردندا دووكەس گفتوگۆ بكەن كۆدی زمانی یەكتر نەزانن كردەی لەیەكگەیشتن روونادات ناچار كەسێكی تر دێتە نێوانیان بۆ گەیانی بیرەكانیان .
- لەكوێوە هاتویت؟
- شي يطول ؟
- يطول من وين جاي؟
- من تكريت.

٥. یەكێكی تر لە هۆكارەكانی كۆدگۆڕین بۆ مەبەستی جوانكارییە كاتێك جووت زمانەكان شارەزاییەكی باشیان لە هەردوو زمانەكەیان هەیە ، كردەی كۆدگۆڕین ئەنجام دەدەن بۆ مەبەستی جوانكاری ، زیاتر لای شاعیرانی كلاسیكی كوردیی ئەم دیاردەیە بەرچاو دەكەوێت.
٦. خۆدەرخستن بەتایبەتی لەكاتی گفتوگۆیی ئەدەبی یان سیاسی و رۆشنبیری كەسانێك هەوڵی ئەوە دەدەن بەردەوام كۆدبگۆڕن و خۆدەربخەن.

بە هۆی ئەوەی نزیكی و تێكەڵییەكی زۆر لە نێوان كۆدگۆرین و كۆدتێكەڵكردن هەیە، لە لێكۆڵینەوەكانیش ئەم دوو دیاردەیە لێكجیانەكراوەتەوە یان بەسەر یەكەوە باسكراوە كۆدگۆڕین لە ئاستی ستونی (جێنشینی) زماندا روودەدات كاتێك ئاخێوەر وشە و كەرەستە فەرهەنگییەكانی هەردوو زمانەكە فێربووبێت ، و كەرەستە فەرهەنگییەكان لەبری یەكتر

بەکاربێنێت بەڵام کۆد تێکەڵکردن لە ئاستی ئاسۆیی (تەکنشینی) کەرەستەکان روودەدات بەجۆرێك وشەکان تێکەڵ بەیەکتر دەکرێت واتە پێکهاتەی هەر وشەیەکە لە دوو زمان پێکدێت .

کۆد گۆڕێن لە ئاستەکانی زماندا

ـ لە ئاستی وشەدا : گۆڕینی وشەی زمانی کوردی بە زمانی تر وەکو عەرەبی ـ فارسی ـ تورکی بەهۆی نزیکی و تێکەلاوی پێکەوە ژیانی ئەو نەتەوانە پێکەوە و نزیکی سنووری خاکیان لە لایەکەوە و لە لایەکی ترەوە داگیرکاری ئەو نەتەوانە و سەپاندنی زمانەکەیان بەسەر زمانی کوریدا تێکەڵییان لە زمانی کوریدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت جگە لەم زمانانە زمانی ئینگلیزیش بەشێوەیەکی بەرفراوان هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە بەهۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانێکی جیهانی و زمانی زانست و تەکنەلۆژیایە لە هەمان کاتدا هاتنی رێژەیەکی زۆری کۆمپانیا بیانییەکان بۆ ناو وڵاتەکەمان ، زمانی ئینگلیزی بۆتە مەرجی دەسکەوتنی هەلی کار ئەم هۆکارانە وای کردووە زمانی ئینگلیزیش بێتە ناو زمانیی کوردییەوە

ـ کاوە ناشتە.

ـ کاوە ئەکتیڤە.

ئەوەی لە ڕستەکانی سەرەوە بەدی دەکرێت گۆڕینی کەرەستەیەکی زمانییە بە کەرەستەی زمانێکی تر بەهەمان واتا واتە لەبری ئاوەڵناوی (چالاك) ئاوەڵناوی (ناشت) لە زمانی عەرەبی ئاوەڵناوی (ئەکتیڤ) لە زمانی ئینگلیزی بەکارهێنراوە ، لە نموونەکانیسەرەوەکۆدگۆڕین ئەنجام دراوە خۆ ئەگەر هاتوو ئەو وشانە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیان لەسەرکرا و لە بەکارهێنانی رۆژانە جێگەی خۆیان گرت ئەوا دەچنە ناو فەرهەنگی زمانەکە و دەبنە وشەی وەرگیراو.

کۆدگۆڕین لە ئاستی سینتاکس دا

ڕستە پێکهاتەی ناو سینتاکسە، لە ناو سینتاکسیشدا ڕستە خاوەنی بەرزترین پێکهاتەیە لە سادەترین شێوەی دا لە دوو فرێزی سەرەکی پێکدێت ، کە بریتییە لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری) ١٣ کۆدگۆڕین لە ئاستی سینتاکسدا بە شێوەیەکی فراوان دەبینرێت ، ئەم

كۆدگۆرینە كاتی یان هەمیشەیی نییە ، بەڵكو پەیوەندی بە بارودۆخی قسەكەر یا ن گۆڕانی بابەتی گفتوگۆكە یان بەشدارانی گفتوگۆكە كاریگەری دەبێت لەسەر بەكارهێنانی ئەو زمانەی قسەی پێدەكەن بەتەواو بوونی ئەم باردۆخانە ئەوا كۆدگۆرینەكەش تەواو دەبێت .

سلاو چۆنن باشن

زۆر سوپاس ئیوە باشن .

د.بیستون موجود

بلی موجود.

دەكرێت لە ڕستە لێكدراوەكانیش ئەم دیاردەیە جێەجێبكرێت یەكێك لە رستەكان بگۆردرێت بۆ سەر زمانێكی تر یان لە پاڕستە و شاڕستەكانی رستەی ئاوێتە ئەم كۆدگۆرینە بخرێتەڕوو :

چیتان هێناو ؟


(تعال یمي ) پێت دەلێم چیمان هێناوە .

What are you doing?

Iam driving acar..(ئەی ئێوە؟)

كۆد تێكەڵكردن

تێكەڵكردنی یەكە دەنگی و مۆرفۆلۆژی و بنیاد و ریزبوونە سینتاكسیەكانی دوو زمان یان زیاترە ، لایەنێكی گرنگی كۆدتێكەڵكردن و جیاكردنەوەی لە كۆدگۆرینەوە ئەوەیە كە بوونی وشەی زمانێكی ترە ، لە رێگەی مۆرفۆلۆژی و سینتاكسیەوە تێكەڵی وشە و فرێزكانی زمانەكەی تری دەكەین دووبارە وشەی نوێی لێدروستدەكەین بەرێگا مۆرفۆلۆژییەكانی (دارشتن ـ لێكدان ـ ئاوێتەكردن) ١٤كەرەستە فەرهەنگییەكانی هەر زمانێكبە چەند رێگایەك دەوڵەمەند دەكرێت كە ئەمانەن:




ئەوەی پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی کەی ئێمە وە هەیە، پەیوەست بەکۆدتێکەڵکردنەوە ڕێگای دارشتن و ڕێگای لێکدانە.

ڕێگای دارشتن : بریتییە لە ڕۆنانی وشەی نوێ بەهۆی مۆرفێمی بەندەوە ، لە زمانی کوریدا بە شێوەیەکی فراوان ئەم ڕێگایە بەکاردێت بۆ دارشتن و دروستکردنی وشەی نوێ لەبەرامبەر کەرەستە و دیاردە نوێیەکاندا واتە (ئەو وشانەیە ، کە لە کردەی دارشتن دروست دەبن لە مۆرفێمێکی سەربەخۆ و مۆرفێمێکی بەند یان زیاتر پێکدێت)) ١٥ سەرەکیترین ڕێگایە بۆ دروستکردنی وشەی دارێژراو .

وشەدارێژراوە کۆدتێکەڵکراوەکان

١. پێشگری زمانی کوردیی + وشەی زمانێکی تر

بێ + قوەت = بێ قوەت

بێ تاقەت = بێ تاقەت

بێ + پرۆگرام = بێ پرۆگرام

بە + ئەتەكییەت = بەئەتەكییەت

٢. وشەی زمانێكی بێگانە + پاشگری زمانی كوردی

بەخیل + ی = بەخیلی

پەرلەمان + ی = پەرلەمانی

٣. ناو + پاشگری زمانی بێگانە

سۆڤ +یزم = سۆفییزم

ئاپۆ+یزم = ئاپۆیزم

٤. پێشگر + وشەی بێگانە + پاشگر

بێ +عەقل + ی

نا + دیموكرات +ی

ڕێگای لێكدان

ڕێگای لێكدان : ڕێگایەكی سەرەكییە بۆ دروستكردنی وشە و دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی لە زمانی كوریدا (لێكدان ڕێگایەكە بۆ دروستبوونی وشە و زاراوە كە لە ئەنجامی لێكدانی دوو وشە وشەیەكی نوێ دێتە كایەوە ) ١٦لە لێكداندا پەیوەندی لە نێوان دیارخەر و دیارخراو دروست دەبێت لە رووی دروستەوە جیاوازییان هەیە یەكێكیان سەرەی ڕێزمانییە (Head ) ئەوەی تریان دەرخەرە واتە خستنەپاڵیەكی ئەو دوو كەرەستەیە بەهۆی كۆنجێكشنێكەوە .

وشە لێكدراوە كۆدتێكەڵكراوەكان

لە زمانی كوریدا وشە لێكدراوەكان بەهۆی كۆمەڵێك یاسا وریساوە دروستدەكرێن كە ئەمانەن :

١. ناو + ناو = ناوی لێكدراو

بالا +عەرعەر بالأعەرعەری

رەشە + مۆڵ رەشەمۆڵ

**یاسای لێکدانی (ناو + ناو) له زمانی کوردیدا بوونی هه‌یه ، دوایی هاتنه ناوه‌وه‌یی وشه‌ی بێگانه بۆ ناو زمانی کوردی ئه‌م دیارده‌یه بۆته یاسایه‌کی باوی لێکدانی وشه له زمانی کوریدا به تایبه‌تی بۆ ناونانی شوێنه بازرگانی و ته‌کنه‌لۆژیا و ده‌زگا و رێکخراوه‌کان به‌کاردێت ئه‌وه‌ی له نموونه‌کانی سه‌ره‌وه تێبینی ده‌کرێت وشه‌یه‌کیان سه‌ر به‌زمانی کوردییه ئه‌وه‌ی تر سه‌ر به زمانێکی بێگانه‌یه .**

**٢. ناو + چاوگی ساده= چاوگی لێکدراو**

**ده‌فن + کردن = ده‌فن کردن**

**تایپ+ کردن =تایپ کردن**

**سواڵ + کردن =سواڵ کردن**

**هه‌ر یه‌کێك له نموونه‌کانی سه‌ره‌وه له رووی پێکهاتنه‌وه چاووگی لێکدراون له کرداره بنه‌ڕه‌تیه‌که‌ی کوردییه ، وشه‌کانی تر سه‌ر به زمانێکی ترن**

**٣. ئاوه‌ڵناوی زمانی تورکی + ناوێکی زمانی کوردی = ناوی لێکدراو**

**قه‌ره + هه‌نجیر قه‌ره‌هه‌نجیر**

**٤. ئاوه‌ڵناوێکی زمانی کوردی + ناوێکی بیانی**

**جوان + ستی جوان ستی**

**٥. ناو + ئاوه‌ڵناو ئاوه‌ڵناوی لێکدراو**

**عومر + درێژ عومردرێژ**

**٦. ناوێکی عه‌ره‌بی + ره‌گی کاری زمانی کوردی = ناوی لێکدراو**

**قورئان خوێن = قورئان خوێن**

**٧. ناو + ره‌گی کار + پاشگر ناوی لێکدراو**

**هاك +که + ەر = هاککه‌ر**

**پلان +دان+ەر = پلاندانه‌ر**

**٨. ناوێکی بیانی + کۆنجێکشن + ناو = ناوی لێکدراو**

**کۆمپانیا + ی+ نه‌ورۆز = کۆمپانیای نه‌ورۆز**

**٩. ناوێکی زمانی کوردی + کۆنجێکشن + ناوێکی بیانی**

**شه‌ر + ه + کۆمێنت = شه‌ره کۆمێنت**

**كۆدتێكەڵكردن لە ئاستی سینتاكس دا**

ئەم جۆرە كۆدتێكەڵكردنە لە پێكهاتەی فرێزەكان و چۆنیەتی ریزبوونی كەرەستەكان لە چوارچێوەی ڕستەدا روودەدات بەجۆرێك دەربرینی ڕستەی زمانێك بەرێزمانی زمانێكی تر تێكەڵكردنی لە نێوان دوو زماندا بە پێی هاوشێوەیی یان لێكچونی بنیادی رێزمانی دوو زمانەكە بە وشەی گونجاوی هەر دوو لا تێكەڵكردنیان ئاسانتر دەبێت ١٧ ئەو زمانانەی سەر بەیەك خێزانە زمانن فرێز و رستەكانیان لێك نزیكن بۆ نمونە زمانی كوردی ئینگلیزی زۆرترین خالی هاوبەش و لێكچوون لە نیوانیاندا هەیە بە بەراورد بە زمانی كوردی و عەرەبی زۆرترین خالی جیاوازی لە ریزبوونی كەرەستەكانیان لە چوارچێوەی ڕستە بەدی دەكرێت لەنموونەكانی خوارەوە خراوەتە روو

١. دەربرینی رستەی زمانی كوردیی بە رێزمانی زمانی عەرەبی

دەژێت پیاوێك لە گوند.

ئەم رستەیەی سەرەوەی ئەگەر رێزمانی كوردی دەربڕدرێت ئەوا بە هۆی ئەوەی فرێزی ناوی بكەری تاكی نەناسراوە لە زمانی كوریی دا نیشانەی نەناسراوی لە هەمان كاتدا تاكێتی دەنوێنێت ژمارەكە بەكارناهێنرێت تەنها نیشانەی نەناسراوەییەكە بەكاردێت كرداریش دەچێتە كۆتایی ڕستەكەوە

پیاوێك لە گوند دەژێت .

٢. دەربرینی رستەی زمانی كوردیی بە رێزمانی زمانیی ئنگلیزی

لە هەردوو زمانەكەدا رستەی سادە لە دوو بەشی سەرەكی پێكدێن ئەوانیش فرێزی ناوی و فرێزی كارییە ١٨ لە زمانی كوریدا دەشێت بكەر و بەركار لە شێوەی مۆرفێمی بەندی رێزمانی دەربكەون ، كە بریتین لە جێناوێكی لكاو، لە زمانی ئینگلیزیدا جێناوی لكاو نییە، بەردەوام بكەر وبەكار لە شێوەی سەربەخۆ دەردەكەون. لە زمانی كوریدا بەشێوەیەكی گشتی بەركار دەكەوێتە نێوان بكەر و كردارەوە بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بەكار دەكەوێتە دوایی كردارەوە .

من یاری تۆپی پێ دەكەم .. I play football

*من یاری دەكەم تۆپی پێ.

**منداڵەکە پەنجەرەکەی شکاند.** Achild broke the window.

**٭منداڵەکە شکاند پەنچەرەکە.**

**ئەوەی دەکرێت لێرەدا ئاماژەی پێبکەین کۆدتێکەڵکردن لە ئاستی سینتاکسدا ئەوە روونەکاتەوە کەرەستە و وشە فەرهەنگییەکانی زمانێك بەپێی رێزمانی زمانێکی تر دەربردرێت . لە زمانی کوردايد دوو جۆرە ريزبوون بوونيان هەيە ئەوانیش :**

١. **ريزبوونی ئازاد : بريتيە لە ريزبوونی کەرەستەکان لە رستەدا بە چەند شێوەيەکی جياواز بێ ئەوەی کار لە واتای رستە بکات واتە بە پێی ويست و ئارەزووی قسەکەر جێگۆرکێ بە فرێزەکانی ڕستە دەکرێت بێ ئەوەی ئەرکی سينتاکسی فرێزەکان و واتای ڕستەکە گۆرانکاری بەسەردا بێت .**
**ئازاد سێوەکەی خوارد .**

**سێوەکەی خوارد.**

**سێوەکە ئازاد خواردی.**

٢. **ريزبوونی چەسپاو : بريتيە لەو ريزبوونەی کە هەر گۆرانێك لە ريزبوونی کەرەستەکان لە سنوری فرێزەکاندا روبدات دەبێتە هۆی گۆرانی سينتاکسی رستەکە هەروەها لێکدانەوەی واتايی کەرەستەکان دەگۆرێت ، دەبێت کەرەستەکان پابەندی ريزبونەکان بن.**
**پياوەکە مارەکەی کوشت.**

**٭مارەکە پياوەکەی کوشت**

**لە زمانی کوريدا هەردوو جۆری ريزبوونەکە بوونيان هەيە بە پێی ويست ئارەزووی قسەکەر جێگۆرکێ بە فرێزەکان دەکرێت بەلام لە زمانی ئينگليزيدا ريزبوونی کەرەستەکان چەسپاوە بەهيچ جۆرێك ناکرێت جێگۆرکی بە فرێزەکانی ڕستە بکرێت تەنها لە حالەتی بکەر ناديار جێگۆرکێ بە فرێزەکان دەکرێت .**

**پياوەکە گورگەکەی کوشت.** The man killed the wolf.

**گورگەکە پياوەکە کوشتی .** The wolf was killed by the man.

## پەراوێزەکان

١. هدسن/ت/محمودعبدالغنی عیاد، علم اللغه الاجتماعی دار الشون الپقافیه ، ١٩٨٧، بغداد

٢. محمد معروف فتاح ، زمانەوانی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، چاپی سێیەم، ٢٠١١ هەولیر ل١٠ .

٣. ساجده فرهادی ، رستەو پاش رستە ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨ل٩.

٤. بکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین ، زار و شێوە زار، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٦، ل٧ .

٥. محەمەد مەحوی، زانستی هێما هێما ، واتاو واتالێکدانەوە ، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، ٢٠٠٩ ل١٢٧.

٦. محمد معروف فتاح ، زمانەوانی ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، ٢٠١١، هەولێر ل١٢.

٧. بيرو، جان ، اللسانيات ، ت :الحواس مسعودي و مفتاح بن عروس ، ٢٠٠١، دار اللافاق.

٨. فاررووق عومەر سدیق ، لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان، ٢٠١١ ، سلیمانیی، ل٢٧.

٩. مالبريج، بريتل ، مدخل الى اللسانيات ، ت:سيد عبدالضاهر ، ٢٠١٠، الطبعة الاولى، الجامعة المستنصرية .

١٠. هیوا مولود ، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوریدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆیی سلیمانیی، ٢٠١٦ ل ٨٧ .

١١. هەمان سەرچاوە ل٢٣.

12. Jackobson, Roman ,On Language,Cambridge: Harvard University,1990, p50.

١٣. فەریدون عەبدول ، نادیاری ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆمان، ٢٠٠٨، سلێمانی ل٣٦.

١٤. فاروق عومەر سدیق، جێپەنجەی فریزی بەلێکسیمبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوریدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی ، ژمارە ٤٣ ل ٢٣٤.

15. David crystal ,Diction of linguisties and phonties, 2003,p63

١٦. عبدالواحيد موشير دزەیی، وشەسازی زمانی کوردی ، چاپی یەکەم ٢٠١٣ هەولێر ل٨٩.

17. Bullock,Barbara and Toribio,Almeida ,2009, The Cambridge Handbook of Linguistic Code Switching University Press

١٨. عەبدوللا حوسێن رەسول، پوختەیەکی وردی رستەسازی ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی هێڤی ، ٢٠١٤، هەولێر ل٦.

١٩. عەبدوللا حوسێن رەسول، مۆرفێمە رێزمانییەکانی کار ، چاپی یەکەم ، حاجی هاشم ، ٢٠١٤، هەولێر ل ٥٩.

## ئەنجام

لەم لێکۆلینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

١. کۆدگۆڕین و کۆدتێکەڵکردن بە واتایی لاوازی بێ هێزی قسەکەر نایەت ، بەڵکو چەندین ئەرکی کۆمەلأیەتی لە پشت ئەم کۆد گۆرینەیە .

٢. وشە کۆد تێکەڵکراوەکانی زمانی کوردی ـ عەرەبی/ئینگلیزی/فارسی.... لەسەر بنەمای وشەکانی تری زمانی کوردی دروستکراون واتە وشەکانی زمانی کوردی پالپشتی وشە کۆد تێکەڵکراوەکان دەکەن لە رووی دروستبونیانەوە .

٣. کۆدگۆڕین و کۆدتێەڵکردن لە نێوان زمانی (کوردی ـ عەرەبی ) (کوردی ـ فارسی) (کوردی ـ تورکی) بە شێوەیەکی فراوان دەبینرێت بە هۆی دراوسێیەتی ئەو زمانانە لە زمانی کودییەوە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە بەهۆی داگیرکاری و دابەشکردنی کوردستان بەسەر ئەو نەتەوانە.

٤. کۆدگۆڕین و کۆدتێەڵکردن لە نێوان زمانی (کوردی ـ ئینگلیزی) لە فراوابووندایە بەهۆی تەکنەلۆژیا و هاتنە ناوەوەی چەمك و دیاردە و کەرەستە رۆژئاواییەکان .

٥. یاسای لێکدانی (ناو + ناو) لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە ، دوایی هاتنە ناوەوەیی وشەی بێگانە بۆ ناو زمانی کوردی ئەم دیاردەیە بۆتە یاسایەکی باوی لێکدانی وشە لە زمانی کوریدا بە تایبەتی بۆ ناو نانی شوێنە بازرگانی و تەکنەلۆژیا و دەزگا و رێکخراوەکان بەکاردێت .

٦. کۆدتێکەڵکردن لە نێوان زمانی( کوردی ـ عەرەبی و کوردی ـ ئینگلیزی) ئەو شوێنانە دیاردەکات کە کۆدتێکەڵکردن تیاندا روودەدات بە تایبەتی لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی وسینتاکسدا .

## سەرچاوەکان


١. بکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین ، زار و شێوە زار ، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا ٢٠٠٦، سلێمانی .

٢. ساجدە فرهادی ، رستەو پاش رستە ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣. عەبدوللا حوسێن رەسول، پوختەیەکی وردی رستەسازی ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی هێڤی ، ٢٠١٤، هەولێر .

٤. عەبدوللا حوسێن رەسول، مۆرفێمە رێزمانییەکانی کار ، چاپی یەکەم ، حاجی هاشم ، ٢٠١٤، هەولێر.

٥. عبدالواحید موشیر دزەیی، وشەسازی زمانی کوردی ، چاپی یەکەم ٢٠١٣ هەولێر .

٦. فارووق عومەر سدیق ، لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم ، چاپخانەی شڤان، ٢٠١١ ، سلیمانیی .

٧. فاروق عومەر سدیق، جێپەنجەی فرێزی بەلێکسیمبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوریدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی ، ژمارە ٤٣ .

٨. فەریدون عەبدول ، نادیاری ، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆمان ، ٢٠٠٨، سلیمانی .

٩. محمد معروف فتاح ، زمانەوانی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، چاپی سێیەم، ٢٠١١ هەولیر.

١٠. محەمەد مەحوی، زانستی هێما هێما ، واتاو واتالێکدانەوە ، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، ٢٠٠٩ .

١١. هیوا مولود ، ئەنالۆژیای کۆدگۆرینەوە لە زمانی کوریدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆیی سلیمانیی، ٢٠١٦ .

**سەرچاوە بەزمانی عەرەبی**

١. بيرو، جان ، اللسانيات ، ت :الحواس مسعودي و مفتاح بن عروس ، ٢٠٠١، دار اللافاق .

٢. مالبريج، بريتل ، مدخل الى اللسانيات ، ت:سيد عبدالظاهر ، ٢٠١٠، الطبعة الاولى، تاجامعة المستنصرية .

٣. هدسن/ت/محمودعبدالغنى عياد، علم اللغة الاجتماعى دار الشون الثقافية ، ١٩٨٧، بغداد.

**سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی :**

1. Bullock,Barbara and Toribio,Almeida ,2009, The Cambridge Handbook of Linguistic Code Switching University Press .
2. David crystal ,Diction of linguisties and phonties, 2003,p63
3. Jackobson, Roman ,On Language,Cambridge: Harvard University,1990.

## الملخص:

يهدف هذا البحث إلى دراسة (تغيير الشفرة ومزج الشفرة في الكلام ) في مجال علم اللغة الاجتماعي وهو يعالج جانباً من جوانب التفكير اللغوي لدىالإنسان لمتحدثي المجتمع وكيف يستعملون اللغة في الأَحوال الاجتماعية ولايجد تغيير الشفرة ومزج الشفرة في الكلام ضعفاً عند المتكلم وإنما هناك مجموعة من الأسباب الاجتماعية وراء تغيير الشفرة .

يتكون البحث من مقدمة ومبحثين وخاتمة، إذ حاول الباحث تحديد إطارالبحث في (اللهجة الكرمانجية الجنوبية) وعلى المستويين الصرفي والنحوي بطريقة تحليلية ومقارنة.

تناول المبحث الاول: علم اللغة الاجتماعي ولغة المجتمع وكذلك أساسيات الشفرة وأقسامها وأنواعها، أما المبحث الثاني: فقد درس تغيير ومزج الشفرة في المستوى الصرفي والنحوي، وقد توصل الباحث إلى نتائج تم إيرادها في ختام البحث.

## Abstract:

The purpose of this research is to study (switching code and mixing codes in speech) in the field of social linguistics. It deals with aspects of social linguistic thinking in human and community speakers and how to use language in social situations. The code changes and the code is mixed in speech. There is a set of social reasons behind the code change.

The research consists of an introduction, two papers and the conclusion of the research. The researcher attempted to define the framework of the research in the Southern Korman dialect and on the morphological and grammatical levels in an analytical and comparative manner.

The first topic dealt with social linguistics and the language of society as well as the basics of the code and its sections and types.

The second topic: he studied the change and mixing of the code in the morphological and grammatical level. The researcher reached the results that were presented at the end of the research.